# کولێرە



دایکی ئاران و ژینۆ هەشت نۆ کولێرەی لە تەندوور دەرهێنا و بەدزیەوە لە ژێر سەوەتەی سەر کەندووی ئاردەکەدا شاردیەوە. ئاران و ژینۆ، ئەملا گەڕان، ئەولا گەڕان، کولێرە نەبوو.

ژینۆ دەستی بە پاڕانەوە کرد و گوتی: دایە گیان تۆ سەری خاڵم سەرو کولێرەیەکمان بدەیە.

دایکیان وتی: ڕاوەستن با باوکتان لە کار بێتەوە، جا ئەو دەم کولێرەتان دەدەمێ.

ئاران دەستی بە نووزەنووز کرد و گوتی: دایە گیان زۆرم برسیە، هیچ نەبێ نیو کولێرەمان بدەیە.

دایکی وتی: کورم هاکا باوکتان گەڕایەوە. ئەو وەختە هەموو پێکەوە دادەنیشین و هەرکەسە کولێرەی خۆی دەخوات. بەڵام ئێستا نە باوکتان لە ماڵە و نە کولێرەکانیش لە ماڵەون.


Copyright © Kurdi.fi

ئاران وتی: باشە ئەوە باوکمان لە کارە، ئەی کولێرەکان لە کوێن؟

دایکی وتی: بۆ سەردانی گەنمی کێڵگەکان چوون.

ژینۆ: جا کولێرە چی گەنمە؟

ـ ئەی نازانن کولێرە کیژی خاتوو گەنمە؟

ئاران: ئەی گەنم کیژی کێیە؟

ـ گەنم کچی داپیرە زەوی و باپیرە بارانە.

ئەمان لەم قسانەدا بوون، باوکیان لە کار هاتەوە و هەشت نۆ کولێرەی زەردی جوانیش سەریان لە ژێر سەوەتەی سەر کەندووی ئاردەکە دەرهێنا و ژینۆ و ئارانیش دایانە قاقای پێکەنین.



* ڕاڤە و لێکدانەوەی وشەکان:

کولێرە: سەوک، جۆری نان
سەوەتە: سەبەتە
کەندووی ئاردەکە: کوارا ئاری
گەنمی کێڵگەکان: گەنمی زەڤی

* پرسیار:

وانەکە بخوێنەوە و وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەوە:

1. دایکی ئاران و ژینۆ کولێرەکانی لە کوێ شاردەوە؟ ........................................

..............................................................................................

2. باوکی ژینۆ و ئاران لە کوێ بوو؟ ........................................

3. بە ڕای دایکی منداڵەکان کولێرە چی گەنمە؟ ........................................


Copyright © Kurdi.fi

4. منداڵەکان دوای گەڕانەوەی باوکیان بۆ ماڵێ چیان کرد؟ ....................................................

....................................................................................................

---

* هەر کام لەم وشانەی خوارەوە لە ڕستەیەکدا بەکار بهێنە:

تەندوور ....................................................................................................

سەوەتە ....................................................................................................

ئارد ....................................................................................................

نان ....................................................................................................

دایک ....................................................................................................

---

* هەر کام لەم وشانەی خوارەوە جارێک بخوێنەوە و دوو جاریان بنووسەوە:

نان و دۆ ....................................................................................................

فڕۆکە و باڵندە ....................................................................................................

بەفر و باران ....................................................................................................

باوک و دایک ....................................................................................................

بزن و مەڕ ....................................................................................................

گەنم و جۆ ....................................................................................................




Copyright © Kurdi.fi